*ournal of Language Studies.* Vol.7, No.4, 2023, Pages (181-197)
DOI: https://doi.org/ 10.25130/lang.7.4.9

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about

# The analysis of some parts of Hemin Mukryanyi's Nalay Judayi poem in terms of speech acts

**Koyan Hazhar Ali** *
**Kurdish Department, college of Medicine, university of garmian**
**Koyan.hazhar@garmian.edu.krd**

**&**

**Sarwar Sadulla Salah**
**Kurdish Department, college Education, university of charmo**
**Sarwar.sadulla@charmouniversity.org**

**Received:** 21/ 4 / 2023, **Accepted:** 2 /5/ 2023, **Online Published: 31 / 12 /2023**

© This is an open Access Article under The Cc by LICENSE
http://creativecommons.org/licenses/by/4.0/

## Abstract

The linguistic revolution of Wittgenstein and the usage of language as a game was based to come up a new theory entitled speech act theory that founded by Austin and then developed by Searle. In this aspect, Austin believed that every statement it does not mean a description of a situation and its intention of stating a declaration rather speaker in stating some statements doing something. The research allocated to analyse and interpret the speech acts of some texts of (Nallay Judaiy) Hemin. The significance of the study is associate language and literature together. It means it makes language as a core of attention and investigation, another significance of the study uncover the intentions of the text. Though, there are some hidden intentions in the text. The research

* **Corresponding Author**: Koyan Hazhar, **E. Mail**: Koyan.hazhar@garmian.edu.krd
, **Affiliation**: garmian University - Iraq

illustrat the result that the poet (speaker) creatively expressed his intention in term of indirect speech act to the receiver. It seems that every act expressed through statement, demand and question sentences and directed to the receiver. So, the acts of complaining, requesting and recommending are mostly used in the texts, it means they are allocated first step for themselves.

**Keywords**: pragmatics, speech act theory, types of speech acts, Nallay Judaiy poems.

## التحليل والتفسير لبعض النصوص من قصيدة (نالەى جودايى) للشاعر هيمن موكرياني تحت ضوء نظرية الاعمال الفظية

**ا.م. كويان هژار على**

**جامعة السليمانية**

**و**

**ا.م. سرور سعدالله صالح**

**جامعة جرمو**

**المستخلص**

الثورة اللغوية لڤنگشتاين واستخدام اللغة كلعبة، مهدت الطريق لولادة نظرية جديدة للغة التي تسمى النظرية أفعال الكلام، نشأ من قبل (أوستن) وطوره (سيريل) لاحقا. في هذا الصدد يعتقد أوستن، هذا لا يجب أن يكون كل قول مجرد وصف لحالة معينة ومقصود منه أن تكون أخبارًا فقط، بينما أن يقوم المتحدث بعمل ما في التعبير عن أقوال معينة. هذه الدراسة تركز على التحليل والتفسيرالاعمال اللفظية لبعض النصوص من قصيدة (نالەى جودايى)للشاعر هيمن. ويتضح أهمية هذه الدراسة في ذلك بأنه يربط بين اللغة والأدب، أي أنه يجعل اللغة محور الاهتمام والبحث. وأهمية أخرى هي الذي يكشف عن الغرض والجوانب المخفية من النص، لأن هناك عديد من المعاني والأغراض الخفية في النص. و خلصت الدراسة إلى أن الشاعر يعني (المتحدث) بشكل ذكي ومبتكر من خلال أعمال الكلامية غير المباشرة لقد نقل معناه وغرضه المقصود إلى المتلقي. يبدو أن كل الافعال من خلال الجمل(الاخباري ، الطلبي ، السؤالي) يتم التعبير عنها وتوجيهها إلى المتلقي. وبالإضافة إلى ذلك الافعال (الطلب ، الاقتراح ، الشكوى) هم الأكثر استخداما في النصوص، أي أنهم حجزوا المركز الأول لأنفسهم.

**الكلمات الدالة**: البراگماتية، نظرية الفعل اللفظي، أنواع الأفعال اللفظية، قصيدة رثاء الفراق.

*Journal of Language Studies.* **Vol.7, No.4, 2023, Pages (181-197)**

# شیكاری  چەند دەقێکی قەسیدەی (ناڵەی جودایی) ی هێمن موکریانی  لە ڕوانگەی کردە قسەییەکانەوە

م. ی. كۆیان عەلی هەژار
بەشی کوردی، کۆلێژی پزیشکی، زانکۆی گەرمیان
و
م.ی. سەروەر سەعدوڵا ساڵەح
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی چەرموو

**پوختەی تێویژینەوەکە:**

شۆڕشە زمانییەکەی ڤنگشتاین و بەکارهێنانی زمان وەکو گەمەیەك، زەمینەی بۆ لەدایکبوونی ڕوانگە و تیۆرێکی نوێی زمان خۆشکرد بە ناوی تیۆری کردە قسەییەکانەوە ، کە لەلایەن (ئۆستن) سەریهەڵدا و دواتر لەلایەن (سیریل)ەوە گەشەی پێدرا. لەم ڕووەوە ئۆستن پێی وابوو، کە مەرج نییە هەموو گوتنێک تەنها وەسفکردنی بارێکی تایبەت بێت و مەبەست لێیەوە تەنها هەواڵێک بێت، بەڵکو قسەکەر لە دەربڕینی هەندێک گوتندا کارێک ئەنجامدەدات. توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ شیکارکردن و لێکدانەوەی کردە قسییەکانی چەند دەقێك لە قەسیدەی (ناڵەی جودایی)ی هێمن، گرنگی توێژینەوەکەش لەوەدا دەردەکەوێت، کە زمان و ئەدەب پێکەوە گرێدەدات، واتە زمان دەکاتە چەقی گرنگیپێدان و لێکۆڵینەوە. گرنگییەکی دیکە ئەوەیە، کە پەردە لەسەر مەبەست و لایەنە شاراوەکانی دەقەکە هەڵدەگرێت، چونکە لە دەقەکەدا چەندین واتا و مەبەستی پەنهان و شاراوە خۆیان مەڵاسداوە. توێژینەوەکەش ئەو ئەنجامە بەدەستەوە دەدات، کە شاعیر واتە (قسەکەر) بەشێوەیەکی زۆر زیرەکانە و داهێنەرانە لە ڕێگەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆوە، واتا و مەبەستەکەی خۆی گەیاندووە بە وەرگر. دەردەکەوێت هەموو کردەکان لە ڕێگەی ڕستەی (هەواڵی، داخوازی، پرسیاری)یەوە دەربڕاون و ئاراستەی وەرگر کراون. وێڕای ئەمە کردەکانی (گلەییکردن، پێشنیازکردن، داواکردن)، زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانیان هەیە لە دەقەکاندا، واتە پلەی یەکەمیان بۆ خۆیان تەرخانکردووە.

**کلیلە وشەکان:** پراگماتیك، تیۆری کردە قسییەکان، جۆرەکانی کردە قسییەکان، قەسیدەی ناڵەی جودایی.

**پێشەكیی:**

ئەم توێژینەوە، کە بە ناونیشانی (شیکاری چەند دەقێکی قەسیدەی (ناڵەی جودایی) هێمن لە ڕوانگەی کردە قسەییەکان)ە، لە چوارچێوەی تیۆری کردە قسەییەکان و بە پێی ڕێبازی پەسنیی شیکاریی، شرۆڤەی چەند دەقێکی قەسیدەی ناوبراو دەکات. هۆی هەڵبژاردنی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لەگەڵ ئەوەی ناونیشانەکە پەیوەستە بە بابەتێکی گرنگ و بایەخداری  لێکدانی زمان و ئەدەبەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاوڕنەدانەوە لە شیعرەکانی هێمن بە پێی تیۆری کردە قسەییەکان، پاساوێکی بەجێیە، کە توێژینەوەیەك بۆ ئەم بوارە تەرخانبکرێت. توێژینەکە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە:

1. تیۆری کردە قسەییەکان چییە؟

2. مەبەست لە بەکارهێنانی کردە قسەییەکان لە قەسیدەی (ناڵەی جودایی) هێمندا چییە؟

3. کام کردەی قسەیی لە قەسیدەکەدا زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی هەیە، پاشان هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

ئەوەی پەیوەندیی بە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەوەش بێت، دوو بەش لەخۆدەگرێت، کە دابەشکردنی پارەکانی تێدایە، بەم شێوەیە:

بەشی یەکەم: پاری یەکەم/دەروازەیەك بۆ پراگماتیك

پاری دووەم/ تێۆری کردە قسەییەکان

پاری سێیەم/جۆرەکانی کردە قسەییەکان

بەشی دووەم:

پاری یەکەم/ پەیوەندیی نێوان کردەی قسەیی بە دەقی ئەدەبییەوە:

پاری دووەم/ شیکردنەوەی پراگماتیکی  چەند دەقێکی قەسیدەی (ناڵەی جودایی) ی هێمن بە پێی تێوری کردە قسییەکان:

لە دوای بەشی دووەم، پاری دووەمەوە، ئەو ئەنجامەی کە، توێژینەوەکە پێیگەیشتووە، لە چەند خاڵێکدا خراوەتەڕوو، پاشان پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبیی و ئینگلیزیی پێشکەشکراون و دواتریش لیستی ئەو سەرچاوانەی، کە لە توێژینەوەکەدا بەکارهێنراون، ڕێزبەندکراون.

## بەشی یەکەم: پاری یەکەم/دەروازەیەك بۆ پراگماتیك:

لە زمانی کوردیدا و لای توێژەرانی کورد، جگە لە زاراوەی ( پراگماتیك)، کە ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زمانی لاتینی، لە پاڵ ئەوەشدا زاراوەی (مەبەستناسی، یان بەکارهێنانناسی)، بۆ بەکارهاتووە. ((سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدانی پراگماتیك چەند ڕایەك هەیە. هەندێک پێیان وایە پڕاگماتیک لە کارەکانی هەر سێ فەیلەسوفی زمان (جۆن ئۆستن- Oustin و پۆل گرایس- Grice  و سیریل- Serill) بوون بە زەمینەسازییەک  بۆ هاتەکایەی پراگماتیک، بەڵام فەلسەفەی شیکاری بوو بە خاڵێک، کە لە سەری سەوز بوو.)). (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١٤: ٢٣). لەلایەکی ترەوە دەکرێت ئاماژە بە ڕاستییەك بکەین، ئەویش ئەوەیە، کە پراگماتیك کۆڵەکەیەکی گەورەی زمانە و بە چەندین واتای جۆربەجۆر بەکارهاتووە، هەروەکو (چارلس مۆریس)، ئاماژەی پێدەکات، کە پراگماتیك ((هەموو شتێك لەخۆدەگرێت، وەکو زانستە کۆمەڵایەتییەکان و زانستە بایلۆجییەکان .... هتد، بەکارهێنانی ڕەمزەکان بەکارهێنانێکی فراوانە و دەچێتە ناو پراگماتیکەوە و تێکەڵ دەبێت لەگەڵ زانستی زمانی کۆمەڵایەتی و زانستی زمانی دەروونی و بایلۆجی.)). (محەمەد مەعروف فەتاح، 2011: 182). لەم پێناسەوە ئەوە بەدەستدەهێندرێت، کە پراگماتیك بوارێکی یەکجار گرنگی ناو زانستی زمان و ژیانی مرۆڤە، هەر ئەم گرنگییەش وا دەکات، نەتواندرێت، لە چوارچێوەیەکی پێناسەیەکی تەسکدا کورتبکرێتەوە.

دەكرێت بگوترێت پراگماتیک لێکۆڵینەوەی زمانە لە بەکارهێناندا. واتە مەبەستی قسەکەر لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا (عومەر مەحمود کەریم،٢٠١٢: ٨). لێرەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە پراگماتیك، وابەستەی سێ بنەمای هەرە گرنکە، کە تەواوکەر و دانەبڕاوی یەکیدن، ئەوانیش(بەکارهێنان، دەوروبەر، قسەکەر)، کە هەموو ئەمانە یارمەتیدەرن بۆ کردەی تێگەیشتن. مەبەست لە بەکارهێنان ئەوەیە، کە واتای وشەکان لە بەکارهێنان دایە. واتە ناتواندرێت بۆ وشەیەك واتایەکی کۆنکرێتی دیاریبکرێت. بۆ نموونە وشەی (سەر)، واتاکەی لە دەوروبەر و بەکارهێنانەکەیدا ڕووندەبێتەوە. کاتێك دەوترێت (فلان کەس سەری خۆی دەخوات)، ڕووندەبێتەوە (سەر)، کە لێرەدا بەکارهاتووە، جیاواز لەوەی لەوەی بگوترێت، (سەری مرۆڤ گەورەیە). هەروەها دەبێت لە بەکارهێنانی زماندا ڕەچاوی دەوربەریش بکرێت، بە واتە ڕستەیەکی وەکو(تکایە سڵاو)، تەواو ڕستەیەکی ناوێزەیە، چونکە لەگەڵ دەوروبەردا ڕێکناکەوێت، چونکە وشەی (تکایە) بۆ داواکردنە لە زمانی کوردیدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دەوروبەرە، دەوروبەری خۆی نییە. کەواتە پراگماتیك (( ئەو زانستەیە، کە لە کردەی قسەیی و گریمانی پێشینە و دەرکەوتە ئاخاوتنەکان و دەوورووبەر( کات و شوێن و دەورووبەری قسەکردن و پلەی کۆمەڵایەتی قسەکەرو گوێگر و زانیاری هاوبەش وزانیاری نێوانیان لیکدەداتەوە. (محەمەد مەعروف فەتاح،2011: ١٩١).

## پاری دووەم/ تێۆری کردە قسەییەکان:

شۆڕشە زمانییەکەی (ڤنگشتاین) و بەکارهێنانی زمان وەکو گەمەیەك، زەمینەی بۆ لەدایکبوونی ڕوانگە و تیورێکی نوێی زمان خۆشکرد بە ناوی تێوری (کردە قسییەکان)ەوە، کە لەلایەن ((بیرمەنێکی فەیلەسوفی زانکۆی ئۆکسفۆرد ( J. L. Austin) ەوە سەری هەڵدا، ئەویش کاتێک لە ساڵی ١٩٦٢ کتێبێکی بچووکی بەناوی (How to do thin withwords)، واتە (چۆن شتەکان بە وشە ئەنجام دەدرێن)، دواتر لەلایەن قوتابییەکانی دوای مردنی بڵاوکرایەوە. ئۆستن پێی وابوو، کە مەرج نییە هەموو گوتنێک تەنها وەسفکردنی بارێکی تایبەت بێت و مەبەست لێیەوە تەنها هەواڵێک بێت، بەڵکو قسەکەر لە دەربڕینی هەندێک گوتندا کارێک ئەنجام دەدات)). (حاتم ولیا محەمەد و ژیان عەبدوڵلا، ٢٠١٥: ٥٠). بۆیە بە بیری ئۆستن زمان ئامێری کردە جیاوازەکانە و ئەرکی سەرەکی ڕاپەراندنی کارە. وەک (ڕاسپاردن، هەواڵ، هەڕەشەکردن، زانیاریی گەیاندن، پرسیارکردن، فەرماندان، بەڵێندان،...هتد) و چەندین ئەرک و مەبەستی تر کە بە کردە قسەییەکان ناویان دەبات. ( عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١٠: ٨٠). بۆ شیکردنەوەی ئەم پێناسەیەی سەرەوە، نموونەیەك دەخەینەڕوو، کاتێك ئاخێوەرێکی زمان لە کاتی کارکردندا، دەڵێت (وا باران باری)، مەبەستی ئەوە نییە، کە وەسفی بارودۆخەکە بکات، بەڵکو زیاتر مەبەستی ئەوەیە، با دەستوبرد بکەین و خۆمان کۆبکەینەوە، بۆیە هەر کردەیەکی قسەیی لەو بارودۆخەدا ئەنجامبدرێت، بۆ هەواڵگەیاندن نییە، بەڵکو بۆ ئەنجامدانی کردەوەیەکە. هەر بۆیە ئۆستن لە ئەنجامی شیکردنەوەی واتا و مەبەستە دەربڕاوەکاندا دوو جۆر کردەی لێکجیاکردەوە:

1-کردەی بەجێهێنان (کردەی قسەیی ئاشکرا): ئەو کردانە دەگرێتەوە، کە لە بەکارهێنانیاندا گوتنەکە کردەیەکی تێدا ئەنجامدەدرێت، لە زمانی کوردیدا هەندێ زاراوە و دەربڕین هەیە، کە ئاماژە بۆ ئەم کردەیە دەکات، وەك (بڕیاردەم، سوێنددەخۆم، بەڵێندەدەم ... هتد). (نەزیرە سابیر مستەفا، 2018: 44). کردەی

بەجێهێنان هەڵگری ئەم مەرجانەیە (دەبێت قسەکەر کەسی یەکەمی تاك، یان کۆ بێت. کردە قسییەکە لە دەمی ئێستادا بێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کردەیە ڕاستی و دروستی هەڵناگرێت، چونکە ڕستەکان وەسفی نین و تەنها نرخیان بۆ دادەنرێت، واتە ڕستەکە بەجێیە، یان نابەجێیە. (محەمەد مەعروف فەتاح، 2011: 209-210). لایەکی ترەوە دەکرێت ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کە کردەی بەجێهێنان دەکرێت (ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ) بێت. جیاکردنەوەی ئەم کردانەش پەیوەستن بە پێکهاتەی جۆری ڕستەکانەوە. بۆ نموونە کاتێك دەوترێت (خواردنەکە ساردبووەوە)، ئەم گوتنە ئاگادارکردنەوە ئەنجامدەدات، بەڵام کاری ئاگادارکردنەوە لە ڕستەکەدا نییە و هێزێکی ڕەوانبێژیی دەچێە پاڵ ڕستەکە، کە واتای قسەکەر دەگەیەنێت.

2- کردەی قسەیی بەجێنەهێنان ( کردەی قسەیی ناشکرا): لەم جۆرە کردەیەدا شێوە و پێکهاتنی ڕستەکە بەجۆرێکە، کەوا کاری ڕاپەڕاندنی تێدا نییە و مەرج نییە بکەرەکەی کەسی یەکەمی تاك و کۆ بێت و تافەکەی (کاتەکەی) ئێستا بێت، هەروەها ڕستەکان دەشێ ڕاست و ناڕاست، یان بەجێ، یان نابەجێ بن. (سەرچاوەی پێشوو، 2011: 210).

**پاری سێیەم/جۆرەکانی کردە قسەییەکان:**

لە ڕاستیدا دەستنیشانکردن و پۆلبەندیی کردەکان، کارێکی دژوارە، چونکە ژمارەی کردەکان زۆر لەوە زیاترن، کە دیاریکراون. ئۆستن، کە بنەمای تێوری کردە قسەییەکانی داڕشتووە بە ئاشکرا دانی بەو ڕاسییەدا ناوە و دەڵێت (( هەرچەندە کردە قسەییەکان بۆ پێنج جۆر پۆلێن دەکەم، بەڵام بەو پۆلێنەی خۆم ڕازی نیم، چونکە هەر پۆلێك لەو پۆلانە، دابەشکردنی زیاتر هەڵدەگرێت.)). (پەروین عوسمان مستەفا، 2022: 62). ئۆستن لە قۆناغی یەکەمدا باوەڕی وا بوو، کە مرۆڤ لە کاتی قسەکردندا لە سێ ئاستی جیاواز کردەی قسەیی ئەنجامدەدات، کە ئەمانەی لای خوارەوەن:

1- کردەی گوتن - دەربڕین: خستنەڕووی ئەو دەربڕاوانەیە، کە هەڵگری واتا و ڕاستین. (صحبت اله حسوند، 51: 1398).

2-کردەی مەبەست: قسەکەر لە قسەکانیدا، بە دوای مەبەستێکی تایبەت دەکەوێت. (سەرچاوەی پێشوو، 1398: 51). یاخود ئەوەیە، کە ئەو مەبەستەی قسەکەر دەیەوێت بە گوێگر بیگەیەنێت. هەڕەشە، پێشوازیی بێت، یان پۆزشهێنانەوە ... هتد. (محەمەد مەعروف فەتاح، 208: 2011). شوڵەکەت لێ ڕاکێشم. (ئامۆژگاریی، هەڕەشە). ئەم کردەیە لە نێوان قسەکەر و گوێگردا ڕوودەدات، زیاتر پەیوەندیی بە گوێڕایەڵنەبوون و کاردانەوەی گوێرەوە هەیە.

3- کردەی کاریگەریی: مەبەست لەم کردەیە، ئەو کاریگەرییە، کە لە ئەنجامی ڕاپەڕاندنی کارەکە لەلایەن گوێگرەوە دروستدەبێت. وەك (توڕەبوون، خۆشحاڵبوون، بێزاربوون ... هتد). لەم قۆناغە لە ژێر دەسەڵاتی قسەکەردا نییە و تایبەتە بە گوێگر. ئەم هەڵوێستە دەچێتە دوای قسەکردنەوە، واتای سەرزاری ڕستەکان وەسفین، بەڵام دەوروبەر واتای جیاوازیان پێدەبەخشێت. (نەزیرە سابیر مستەفا، 2018 :48). دواتر ئۆستن لە قۆناغی دووەمدا کردەکانی لە ڕووی مەبەست و واتاوە بۆ سەر پێنج کردە

دابەشکرد. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بگوترێت، کە ئۆستن ((توانای ڕاپەڕاندن و شێوەی بەکارهێنان دەکاتە بنەما بۆ پۆلێنکردنی کردە قسەییەکان.)). (دارا حەمید محەمەد، 2012: 77).

بەم شێوەیە:

1- کردەی بڕیاردان: مەبەست لەم جۆرە کردەیە، ئەو کردانە دەگرێتەوە، کە پەیوەندییان بە توانا و لێهاتووی قسەکەرەوە هەیە، وەك (بڕیاردانی یاسایی، پایەبەخشین، دانپیانان، هەڵسەنگاندن، هەڵبژاردن ... هتد). (دەریا سابیر حەمەد، ڕۆژان نوری عەبدوڵا، 2020: 119). وەك (بڕیاردەدەم، کە کوردستانم خۆشبوێت.).

2- کردەی داخوازی: ئەم کردەیە نیشاندەری ئیرادە، فەرمان، مافی بڕیاردان و هێز و وزەیە. ئەم کردەیە زیاتر ئەو کردانە دەگرێتەوە، کە پەیوەستن بە (ئامۆژگاریی، پەند، هەڵبژاردن، وەڵامدانەوە)وە. (صحبت اله حسوند، 51: 1398). لە زمانی کوردیدا نموونەی ئەم جۆرە کردەیە زۆرن. وەك (ئامۆژگاریت دەکەم، وانەکانت بخوێنیت.).

3- کردەی ڕەوشت: ئەو کردانە دەگرێتەوە، کە پەیوەستن بە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی قسەکەرانی زمانەوە، وەك (داوای لێبوردن، هاوخەمی دەربڕین، ناوزڕاندن، جنێودان). (هەمان سەرچاوە، 51: 1398). جگە لەو دەربڕینانەی سەرەوە هەموو ئەو کردانەی، کە هەستی قسەکەر نیشاندەدات، وەك (پیرۆزبایی، سوپاسگوزاریی، خۆشحاڵبوون، ڕقلێبوونەوە ... هتد)، دەچنە چوارچێوەی ئەم کردەیەوە.

4- کردەی پەیماندان: ئەو کردانە دەگرێتەوە، کە قسەکەر پەیوەستن بە ئەنجامدانی کارێك دەکات، وەکو کردەکانی (پەیماندان، دانپیانان، ڕێکەوتن و .... هتد). (چیا عەلی مستەفا، وریا قادر، 2022: 87). جگە لەوانەش کردەکانی (بەڵێندان و سوێندخواردن) دەگرێتەوە. وەك ( سوێنددەخۆم، کە یارمەتیت بدەم).

5- کردەی ڕوونکردنەوە: ئەم کردەیە نیشاندەری چۆنیەتی بەکارهێنانی وشەکانی زمانە لەلایەن قسەکەرەوە، هەروەها ڕوونیدەکاتەوە، کە وشەکان چۆنچۆنی لە کاتی قسەکردندا دروستدەبن. (صحبت اله حسوند، 51: 1398). ئەم کردەیە پابەندی مەرجە، ئەویش دڵسۆزییە لە بەکارهێنانی کردەکاندا. (قەیس کاکل، 1995: 59).

مەرگی لەناکاوی ئۆستن مۆڵەتی نەدا، تاوەکو کارەکانی بە سەرئەنجام بگەیەنێت، بەڵام دوابەدوای ئەوە سیریل، کە خوێندکاری ئۆستن بوو پەرەی بە تێورەکەی دا و فراوانتری کرد. سیریل بۆچوون و ڕوانگەی خۆی لە کتێبێکدا بەناوی (کردە قسەییەکان) کۆکردەوە و بانگەشەی ئەوەی کرد، کە مەبەستی سەرەکی تێوری کردە قسەییەکان جۆرێك لە کردەی پێڕەوبەندییە. لە لایەکی ترەوە سیریل هاوشێوەی ئۆستین باوەڕی وایە، کە واتا تەنیا لە چوارچێوەی بەکارهێناندایە. بە واتە زمان لە بری ئەوەی، کە وێنەیەك بێت، بەڵکو کردەیەکە، لەوە گرنگتریش ئەوەیە کردەیەکی کۆمەڵایەتییە. (محرم برهانی و همکاران، 1397: 173-174). هەر بۆیە، سیریل جیاواز لە ئۆستن توانای ڕەوانبێژی دەکاتە پێوەر و بنەما لە پۆلێنکردنەکەیدا، نەك بەکارهێنانی کردە قسەییەکان. (دارا حەمید محەمەد، 2012: 77). ئەم شێوەیە کردەکانی دابەشکرد:

**-1** کردەی هاندان - ئاراستەکردن: بەو کردانە دەگوترێت، کە قسەکەر گوێگر ناچار دەکات کارێك ئەنجامبدات، هەر بۆیە ئەم کردەیە دەرخەری خواستەکانی گوێگرە. دەتوانێت بە شێوەی نەرێ/ئەرێ بێت. (فاطمە دست رنج، منصورە عرب، 1399: 27). لە زمانی کوردیدا نموونەی ئەم جۆرە کردەیە زۆرن وەك (ئامۆژگاریکردن، ڕێنماییپێدان، پێشنیازکردن، داواکارییکردن ... هتد).

-2 کردەی پەیوەستبوون: ئەو جۆرە کردانە دەگرێتەوە، کە قسەکەر تێیدا خۆی پەیوەست دەکات بە کارێکەوە، کە لە داهاتوودا ڕوودەدات، وەك (بەڵێندان، هەڕەشەکردن، سوێندخواردن .... هتد).

-3 کردەی هەستدەربرین: لێرەدا قسەکەر هەستی خۆی دەردەبڕێت بەرانبەر (ڕووداوێك، کەسێك، یان شتێك) بۆ گوێگر، وەکو کارەکانی پیرۆزبایی، سەرەخۆشیکردن، سوپاسکردن .... هتد). ). (چیا عەلی مستەفا، وریا قادر، 2022: 88).

-4 کردەی نواندن: ئەو کردانە دەگرێتەوە، کە پیشاندەری باوەڕی قسەکەرە سەبارەت بە هەلومەرج و کاروبارەکان، هەروەها نواندنی باری ڕاستێتی، پێشڕاستکردنەوە، ئەنجامگیریی و وەسفە، کە وا لە گوێگر دەکات ئەوەی لە جیهاندا هەیە و باوەڕی پێیەتی بیخاتەڕوو. (فاطمە دست رنج، منصورە عرب، 1399: 27).

-5 کردەی ڕاگەیاندن: ئەم جۆرە کردانە بەوە لە کردەکانی تر جیادەکرێنەوە، کە وابەستەی دەوروبەرن. بۆ ئەنجامدانی ئەم کردانە پێویستە هۆکارەکانی وەك مزگەوت، ڕێکخراو، پارتی سیاسی هەبێت. وەکو کردەکانی (بانگەشەکردن، خۆپیشاندان، جاڕدان... هتد). (چیا عەلی مستەفا، وریا قادر، 2022: 88).

**بەشی دووەم:**

**پاری یەکەم/ پەیوەندی نێوان کردەی قسەیی بە دەقی ئەدەبییەوە:**

تێوری کردە قسەییەکان بەشێکە لە تێوری گوتار(دیسکۆرس) و پراگماتیك، ئامانجی سەرەکی ئەم تێورە دەستگەیشتنە بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی واتای دەق. ئامانجی بنەڕەتی تێوری کردە قسەییەکان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە هیچ قسەکردنێك لە بۆشاییدا ڕوونادات، بۆیە ئاوڕدانەوە لە دەوروبەر و تێگەیشتنی کارێکی گرنگە. هەر بۆیە ڕاڤە و شیکارکردنی کردە قسەییەکانی هەر دەقێك، پەیوەست بە زەمینە کۆمەڵایەتی، مێژوویی، ئەدەبییەکانی ئەو دەقەوە، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە. ئەم بۆچوونە تەواو پێچەوانەی بەشێك لە ڕوانگە نوێیە ڕەخنییەکان، یان بونیادگەرە فەڕەنسییەکانە، کە لە دەقیان دابڕاو لە دەوروبەر و زەمینەی کۆمەڵایەتی دەکۆڵییەوە. (رقیە صدرایی، 128: 1401).

هەر لەبەر ئەمەیە، تێوری کردە قسەییەکان دەتوانێت ببێتە ئامرازێکی زمانەوانان و لێکۆڵەران، تا لەو ڕێگەیەوە بتوانن، کە ئەو گوتنانەی لە دەقی ئەدەبیدا، کە هێزێکی ڕەوابێژییان تێدایە، وەك بەشێك لە واتاکانیان بۆ جێبەجێکردنی کردەی قسەیی دیکە بەکار بەکاربێنن، کردەی مەبەستی شیعرەکە بدۆزێتەوە. ( قەیس کاکل 1995: 63). هەروەها کردەی قسەیی بە ڕێگەیەکی دیکەش لەگەڵ ئەدەبدا پەیوەست دەبێت، لایەنیکەم لە ڕووی بنەماوە کردەی قسەیی پەیوەندی نێوان واتا و مەبەستی قسەکەر دەپچڕێنێت، چونکە ئەوە مەبەستی ئێمە نییە، کە شاعیر دیاریدەکات، کە بە

وشەکانمان چ کارێك ئەنجامدەدەین. (دەریا سابیر حەمەد، ڕۆژان نوری عەبدوڵا، 2020: 121). بەپێچەوانەوە کردە قسییەکان لە دەقی ئەدەبی و بەتایبەت شیعردا دەبێتە ئامرازێکی کەڵکەبەخش، تاوەکو شاعیر(قسەکەر)، مەبەست و واتا شاراوەکانی خۆی بە وەرگر (خوێنەر) بگەیەنێت، واتە ((لێکۆڵینەوە و شیکارکردنی کردە قسییەکانی هەر دەقێك پارمەتیدەرە، کە بتوانێت پەردە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو دەقە هەڵماڵێت.)). (رقیه صدرایی، 129: 1401). هەر ئەم گرنگییە وایکرد، کە بەشێك لە دەقەکانی (ناڵەی جودایی)ی هێمن موکریانی بخەینە ژێر لێکۆڵینەوەوە و مەبەستە شاراوەکانی دەقەکە و زەمینە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکەی شیکاربکەین.

**پاری دوەم/ شیکاری چەند دەقێکی قەسیدەی (ناڵەی جودایی) ی هێمن لە ڕوانگەی کردە قسەییەکانەوە:**

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژەیەکیی کورت بە چۆنییەتی هەوێنی لەدایکبوونی قەسیدەی (ناڵەی جودایی) هێمن بکەین، دیارە ((چەوساندنەوەی نەتەوەی گەلی کورد لەلایەن محەمەد ڕەزا شاوە، لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو گەیشتە لووتکە، بەجۆرێك بۆ شاعیرێکی وەکو هێمن دریژەدان بە ژیان لە سایەی ئەو ڕژێمەدا بوو بە کارێکی قورس و دژوار، بۆیە لە ئاکامدا خۆی دەڵێت: ناچار بە پیری سەری خۆم هەڵگرت و بە داری دەستی رووم لە وڵاتی غەریبایەتی کرد و دەستم لە ژن و ماڵ و کەسوکار و یار و دیار هەڵگرت.)). (عوسمان دەشتی، 2009: 125). بۆیە مێژووی نووسینی قەسیدەکە دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی ساڵانی (1970) لە بەغداد. لەم بەشەدا شیکردنەوە بۆ چەند دەقێکی قەسیدەی (ناڵەی جودایی) ی هێمن بە پێی تیۆری کردە قسەییەکان دەکەین، پاشان هەوڵدەدەین لە ڕێگەی ئەم تیۆرە پەردە لەسەر واتا و مەبەست شاراوەکانی دەقەکە لابدەین، چونکە لە نێو ئەو چەند دەقەدا چەند واتا و مەبەستێکی زمانی ناشکرا و شاراوە هەن.

ساقی وا بادەوە، وا بادەوە

ڕوو لە لای من بکە بە جامی بادەوە

موشتەری وەکو من لە مەیخانێ کەم

زۆربەیان شاد و بەکەیف و بێ خەمن (دیوانی هێمن، 2088: 274).

ئەگەر تەماشای ئەم دەقە شیعرییە بکەین، لە ڕووخساردا شێوەی داخوازییە، بەڵام لە ڕووی کردەی قسەییەوە هاندان (داواکردن) ئەنجامدەدات، ئەم کردەش شێوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ(بەجێنەهێنان) ئەنجامدەدەن. ڕوونە، کە لەم جۆرە کردانەدا مەبەستی قسەکەر (شاعیر) بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگاتە گوێگر (خوێنەر). واتە جیاوازییەك لە نێوان جۆری ڕستەکە و جۆری کردە قسەییەکە هەیە، هێزێکی ڕەوانبێژیی دەچێتە پاڵ ڕستەکە، کە واتای قسەکەر دەگەیەنێت بە گوێگر. شاعیر

بۆ کەسێکە مەی چزیلکی پێوە نێ

بۆچی ملهوڕ لێرە بینی پێوە نی؟

بۆ کەسێکە مەی کە دەردی کارییە

بێ خەمێك بیخواتەوە، زۆردارییە (دیوانی هێمن،2008 274).

کاتێك لە دەقە شیعرییەکە وردەبینەوە، دەردەکەوێت لە شێوەی پرسیاردایە، بەڵام لە ڕووی کردەی قسەییەوە (قەدەغەکردن و نارەزایی) و هاندان ( پێشنیازکردن و ئاراستەکردن) ئەنجامەدات جۆری کردەش، کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆیە، چونکە ڕێککەوتن لە نێوان جۆری ڕستەکان و مەبەستی ڕستەکان نییە. هێمن لێرەدا بەشێوەیەکی زۆر زیرەکانە و داهێنەرانە، (مەی)، لە خواردنەوەیەکی گشتییەوە دەکات بە خواردنەوەیەکی تایبەت، واتە دەیەوێت بڵێت ئەو کەسانەی کە، بێخەم و بێدەردن و مەی دەخۆنەوە، ئەوانە زۆردارن و لە بەشی ئێمە، کە خاوەن دەرد و ناسۆری ژیاین کەمدەکەنەوە.

ئەو کەسەی خواردی و لە بن سێبەر رما

شەو بە نیازی کەیف لە ماڵی خۆی نەما

بۆ دەبێ بێت و و بکا مەیخانە تەنگ؟

شوێنی دیکە زۆرە بۆ گاڵتەوگەپ (دیوانی هێمن، 2008: 276).

ڕستەکانی نێو دەقەکە بەڕووکەش هەواڵی و پرسیارین، بەڵام کاتێك تێرادەمێنین دەبینین ڕستەکان لە ڕووی کردەی قسەییەوە واتا و مەبەشتی دیکەیان هەیە و واتای (گلەییکردن، پێشنیازکردن)یان هەیە. جۆری کردەکان، کردەی قسەیی ناشکران، واتە شاعیر دەیەوێت بە ناڕاستەوخۆ ئەوە بە گوێگر بڵێت ئەوانەی، کە ماڵیان هەیە و وەکو من ئاوارە نین، بۆ کەیفخۆشی و گاڵتەوگەپ ڕوودەکەنە مەیخانە و تەنیا و تەنیا شوێن بە من تەنگ دەکەن، هەر بۆیە شاعیر لە ڕێگەی هەستی ناسکی خۆیەوە، بەشێوەیەکی داهێنەرانەی ئەدەبیی پێیانڕادەگەیەنێت شوێنی ئێوە مەیخانە نییە و پێشنیازتان بۆ دەکەم بچنە ئەو شوێنەی، کە شوێنی ڕاستەقینەی ئێوەیە. بۆیە دەتواندرێت بگوترێت ((ڕووی شاعیرانەی بەرهەمێك دەرخەری توخمی نەبینداویەتی.)). (مەسعود بابایی، 2004: 83)

ساقیا! وا وەرگەڕێ، وا وەرگەڕێ

روو لە لای من کە، مەچۆ بۆ سەر پەڕێ

لەنگەرێ بگرە، مەبە وا بەرزەفڕ

بێنە بۆ من، بێنە بۆ من جامی پڕ (دیوانی هێمن، 2008: 277).

ئەگەر سەیری دەقەکە بکەین، دەبینین لە شێوەی داخوازییدایە، بەڵام لە ڕووی کردەی قسییەوە مەبەستی دیکە بەدەستەوە دەدات ، مەبەستەکەش (داواکردن، جەختکردنەوە) ئەنجامەدات. لێرەوە ڕۆشندەبێتەوە، کە تامەزۆری شاعیر بۆ مەی دەگاتە لوتکە، بەو پێیەی لە ڕێگەی چەند جارێك کردەی جەختکردنەوە دەردەبڕێت. هەر بەوەشەوە ناوەستێ، بەڵکو ئەو تامەزۆرییەوە والێکردووە، کە نارەزایی و توڕەبوونی خۆی بە مەیگێر بگەیەنێت، هەروەها لەگەڵ ئەمەشدا هاوەڵناوی

(بەرزەفڕ) دەداتە پاڵ مەیگێر، بە هۆکاری ئەوەی بە دەنگییەوە نایەت و خۆی لێ دوور دەگرێت.

نا مەچۆ، جوانێ مەچۆ، واوە مەچۆ!

تۆ فریوی زێر و زیوی وان مەخۆ! (دیوانی هێمن، 2008: 279).

لێرەدا ڕستەکان لە شێوەی داخوازین، بەڵام لە ڕووی کردەی قسییەوە (ئاگادارکردنەوە، ئامۆژگاریکردن) ئەنجامدەدات. جۆری کردەکەش، کردەی ناڕاستەوخۆیە، چونکە مەبەستی شاعیر (قسەکەر) بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگات بە گوێگر. هێمن لێرەدا لە دژی دەوڵەمەند و ماڵپەرستەکان دەوەستێتەوە و بەتوندی ڕەخنەیان لێدەگرێت، لەپاڵ ئەوەشدا مەیگێر ئاگادار و بەئاگادەهێنێتەوە، کە فریوی زێر و زیوی ماڵپەرستەکان نەخوات، چونکە پێی وایە، کە ئەو جۆرە کەسانە دوورن لە هونەر و دوژمنی هونەرمەندن.

ئەو هەوەسبازانە جێی متمانە نین

هەر دەزانن گوڵچنین و بەی ڕنین (دیوانی هێمن، 2008: 279).

ئەم دەقە لە ڕووخساردا شێوە هەواڵییە، بەڵام واتای شاراوەی لە خۆیدا هەڵگرتووە، هەر بۆیە لە ڕووی کردەی قسییەوە کردەی (ڕەخنەگرتن و توانجلێدان) دەگەیەنیت، جۆری کردەش، کردەی ناڕاستەوخۆیە، چونکە قسەکەر بە شێوەی ناڕاستەوخۆ مەبەستی خۆی بە گوێگر گەیاندووە. شاعیر لێرەدا وەسفی (هەوەسباز، بێمانەیی، گوڵچینین، بەیرنین) داوەتە پاڵ ماڵپەرست و دونیاویستەکان، واتە دەیەوێت بڵێت کەسانی دونیاویست و ماڵپەرست، بوونێکی زیادە و نارەسەنیان هەیە و هیچ شتێك پێشکەش بە ژیان و مرۆڤایەتی ناکەن.

بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە

شیوەنێکم پێیە نەی نەیکردووە

لێم گەڕێ با دەربڕم سۆزی دەروون

لێم گەڕێ با هەڵوەرێنم ئەشکی ڕوون (دیوانی هێمن، 2008: 280).

دەقەکە لە شێوەی هەواڵگەیاندن و داخوازیدایە، بەڵام لە ڕووی کردەی قسییەوە هەستدەربڕین (بێزاریی) ئەنجامدەدات. ئەم جۆرە کردانەش لە شێوەی کردەی ناڕاستەوخۆ دەگەیەنن. لەم جۆرە کردانەدا مەبەستی قسەکەر بە شێوەی ڕاستەوخۆ بە گوێگر ناگات و جیاوازییەك لە نێوان جۆری ڕستەکە و جۆری کردە قسەییەکەدا بەدیدەکرێت، زیاتر هێزێکی ڕەوانبێژی دەچێت پاڵ ڕستەکە، واتا و مەبەستی شاراوەی قسەکەر دەگەیەنێت.

چۆن نەناڵێ ئەو دڵەی پڕ هەستی من؟!

چۆن لە ئەژنۆ ببنەوە دوو دەستی من؟!

چۆن نەناڵێ ئەو دڵە ئەنگاوتەوتەیە؟!

بەرد لە بەردی بێتەوە دەنگی هەیە(دیوانی هێمن، 2008: 281).

ئەگەر تەماشای ئەم دەقە شیعرییەکە بکەین، بەڕووکەش لە شێوەی (پرسیار)دایە، بەڵام کاتێك لە دەقەکە قووڵدەبینەوە، دەبینین لە ڕووی کردەی قسەییەوە (گلەییکردن) ئەنجامدەدات. واتە مەبەستە شاراوەکەی ئەم دەقە ئەوەیە، کە شاعیر(قسەکەر) بەجۆرێك ماندووە لە ژیان، ئەوەتانێ دڵ و هەستی پڕی دەستی بە ناڵە و گریان کردووە، ئەمەش وای کردووە، خەریکە دەستەکانی لە جەستەی دەبنەوە.

((چڵکی دەستە ماڵی دنیا)) وەك دەڵێن

ماڵپیرست پەیمان شکێنە و بێ بەڵێن(دیوانی هێمن، 2008: 279).

دەقە شیعرییەکە لە شێوەی هەواڵگەیاندایە، بەڵام لە ڕووی کردەی قسییەوە (ئاگاهێنانەوە) ئەنجامدەدات. دیارە ئاماژەی (ئاگاهێنانەوە) لە دەقەکەدا بەدیناکرێت، بەڵکو شاعیر لە ڕێگەی هێزێکی ڕەوانبێژییەوە، مەبەستەکەی گەیاندووە . کردەکەش لە شێوەی کردەی ناڕاستەوخۆدایە، چونکە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ دەگات بە گوێگر. هێمن لێرەدا زۆر زیرەکانە سودی لە فۆلکلۆری کوردیی وەرگرتووە و ئەم پەندەی تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووە ((چڵکی دەستە ماڵی دنیا))، دواتر لە ڕێگەی کردەی قسەیی (توانجلێدان و ڕەخنەگرتن)ەوە، ڕایدەگەیەنێت ئەوانەی تەنها چاویان لە سەروەت و سامان و پارەیە، بێبەڵێن و خاوەن پەیمان نین. ئەم دەقە تەواو ئەو ڕاستییە پێشڕاستدەکاتەوە، کە ((زمان لە بری ئەوەی، کە وێنەیەك بێت، بەڵکو کردەیەکە، لەوە گرنگتر ئەوەیە کردەیەکی کۆمەڵایەتییە.)). (محرم برهانی و همکاران، 1397: 173-174).

کوا ((خەج)) م تا بۆم بگێڕێ گەرمەشین؟

((مانگی کانوونێ بە چلوان دەکرام))

وەك ((برایم)) لەو وڵاتە ڕاونرا

کوا ((پەریخان)) بەند و باوم بۆ بڵێ؟!

بۆ نەسوتێم نەبمە پۆلووی سەر کڵێ؟!

ئەو لە زۆران ، من لە ئارانێ دەژیم

کێ دەڵێ منیش وەلی دیوانە نیم؟ !(دیوانی هێمن، 2008: 282).

ئەگەر تەماشای ئەم دەقە شیعرییەکە بکەین، بەڕووکەش لە شێوەی (پرسیار)دایە، بەڵام کاتێك لە دەقەکە قووڵدەبینەوە، دەبینین لە ڕووی کردەی قسەییەوە (گلەییکردن) ئەنجامدەدات و کردەکەش لە جۆری کردەی ناڕاستەوخۆدایە، چونکە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ ئاراستەی گوێگر کراوە، واتە گوێگر ناتوانێت کردەی قسەیی تێدا ئەنجامبدات. شاعیر(قسەکەر) لەم دەقەدا سودی لە داستانی (خەج و سیامەند)وەرگرتووە واتە خۆی بە سیامەند و یارەکەی بە خەج چواندووە، ئەمەش سەلێمنەری ئەوەیە، کە هێمن لە ئاوارەیی و غەریبیدا دەقی (ناڵەی جودایی) نووسیوە، هەر بۆیە نیگەرانیی و گلەیی شاعیر گەیشتووە بە لووتکە، بۆیە لە ڕێگەیەوە توانیوێتی دەقی داهێنەرانە بەرهەمبێنێت. جێی ئاماژەیە، شاعیر چواندێکی

دیکەی کردووە و خۆی بە (وەلی دیوانە) و یاری بە (شەم) چواندووە. لە لایەکی ترەوە یەکێکی تر لە واتا و مەبەستە شاراوەکانی دەقەکە ئەوەیە، کە سودی لە داستانی (برایمۆك) وەرگرتووە، کە داستانێکی کۆنی فۆلکلۆری کوردییە. هەر بۆیە کۆی هەستی بێزاریی و گلەیی شاعیر لە بەخت و چارەنووسی خۆی لە ڕێگەی وشەی پرسیاری (کوا، کێ)ەوە دەربڕاوە.

کوردەواری ئەی وڵاتە جوانەکەم!

ڕۆڵەکەم، خێزانەکەم، باوانەکەم!

ئەی ئەوانەی قەد لە بیرم ناچنەوە

ئێستە بمبینن ئەری دەمناسنەوە؟ (دیوانی هێمن، 2008: 283).

کاتێك لە دەقەکە دەڕوانین، دەردەکەوێت لە شێوەی (پرسیار)دایە، بەڵام لە ڕووی کردەی قسەییەوە هەستی (بیرهێنانەوە، گومانکردن) ئەنجامدەدات. جۆری کردەکەش لە شێوەی ناڕاستەوخۆدایە، چونکە بەشێوەکی ناڕاستەوخۆ دەگاتە خوێنەر. پێویستە تیشکێك بخەینە سەر بەیتی کۆتایی (ئێستە بمبینن ئەرێ دەمناسنەوە؟)، ئەم بەیتە لە شێوەی پرسیاردایە، بەڵام پشتبەستن بە دەوروبەر و زەمینە مێژوویی و کۆمەڵایەتیەکەی یارمەتیدەرە، دەردەکەوێت کردەی (گومان) بێت، واتە شاعیر هێندە ساڵە لە وڵاتی غەریبایەتیدایە و دوورە لە خێزان و کەسوکاری. ئەمەش وا دەکات، هێمن بگات بەوەی، کە خێزان و کەسوکارەکەی نەیناسنەوە.

ئەو کەسەی دووری عەزیزانی نەدی

تیر و تانەی بێ تەمیزانی نەدی (دیوانی هێمن،2008: 275).

کاتێك لە دەقەکە قووڵدەبینەوە، دەبینین لە شێوەی هەواڵگەیاندندایە، بەڵام لە ڕووی کردەی قسەییەوە (گلەییکردن) ئەنجامدەدات و کردەکەش لە جۆری کردەی ناڕاستەوخودایە، چونکە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ ئاراستەی گوێگر کراوە، واتە گوێگر ناتوانێت کردەی قسەیی تێدا ئەنجامبدات. واتای دەقەکەش، پەیوەستە بە دەقەکانی پێشتووە، کە گلەیی لە بەختی خۆی دەکات و ڕایدەگەیەنێت، کە مەی بۆ ئەو کەسانە نییە، کە ژیانی ئاوارەییان وەکو من نییە و بەر تیر و تانەی مرۆڤە ناپاکەکان نەکەوتوون. لێرەوە دەرکەوێت هێمن ڕەوایەتی بە مەیخواردنەوەی خۆی دەدات.

هر کس کو ماند از وصل خیش

باز جوید روزگار وصل خیش (دیوانی هێمن،2008: 283).

لێرەدا هێمن بەشێوەیەکی داهێنەرانە و هونەرمەندانە، سودی لە بەیتێکی (مەولانای ڕۆمی) وەرگرتووە و تێهەڵکێشی قەسیدەکەی خۆی کردووە، کە لە شێوەی هەواڵگەیاندندایە، بەڵام لە ڕووی کردەی قسەییەوە (دڵنیایی) ئەنجامدەدات و ئەوە ڕادەگەیەنێت، کە هەر کەسێك لە خزم و کەسوکار و یاری خۆی دووربێت، ئەوا ئەو دوورییە کاتییە و ڕۆژێك لە ڕۆژان پێیان دەگاتەوە.

دێم و ناترسم لە پەرژینی بەرزی

هەر پەری سەرکەوت و دێوەزمە بەزی(دیوانی هێمن، 2008: 285).

دەقەکە لە شێوەی هەواڵگەیاندایە، بەڵام لە ڕووی کردەی قسەییەوە کردەی هەستدەربڕین (بوێریی) ئەنجامدەدات، شاعیر ئەوە ڕادەگەیەنێت هەرچەند، کە ڕێگریی و بەربەستەکان زاڵبن، ناترسێت، چونکە ژیانی تەنیایی و ئاوارەیی و دووربوون لە وڵاتی خۆی بڕستی لێبڕیوە، بۆیە تامەزۆریی بۆ گەڕانەوەی بە زێدەکەی گەیشتووەتە لووتکە.

هەتا بمێنێ نوری چاو و هێزی پێم

دێم و دێم و دێم و دێم و دێم و دێم (دیوانی هێمن، 285: 2008).

لێرەدا دەقەکە لە شێوەی هەواڵگەیاندایە، بەڵام لەڕووی کردەی قسەییەوە (دووپاتکردنەوە) ئەنجامدەدات. واتە تامەزۆربوونی شاعیر بۆ گەڕاندنەوەی بۆ زیدی خۆی پاڵنەرە بۆ ئەنجامدانی کردەی (پێداگیرییکردن)، هەر بۆیە تەواوی بەیتەکەی بە کرداری هەواڵی (دێم) نەخشاندووە.

هەتا مەبێ بڕست و بیر و هۆش

گەر گلاشم کوردەواری ئێوە خۆش (دیوانی هێمن، 2008: 285).

دەقە شیعرییەکە کردەی (گومانکردن) ئەنجامدەدات، جۆری کردەکەش لە شێوەی ناڕاستەوخۆدایە. دەردەکەوێت، کە هێمن جارێکی دیکە دەستبەرداری گەڕانەوە بۆ زێد و نیشتمانی نەبێت و سوورە لەسەر گەڕانەوە، هەرچەندە بەگومانە لە چارەنووسی گەڕانەوەکەی.

هەموو کردەکانی نێو دەقە شیعرییەکانی سەرەوە دەچنە چوارچێوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆوە، چونکە شاعیر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مەبەست و واتا شاراوەکانی گەیاندووە بە گوێگر (خوێنەر). دەردەکەوێت هەموو کردەکان لە ڕێگەی ڕستەی (هەواڵگەیاندن، داخوازی، پرسیاری)یەوە دەربڕاون. دوای شیکرکردن و ڕاڤەی دەقەکان توێژینەوەکە نیشانیدەدات، کە زۆرترین کردە قسەییەکان لە ڕێگەی ڕستەی (هەواڵگەیاندن)ەوە دەربڕاون، دوابەدوای ئەمە لە ڕێگەی ڕستەی (پرسیاری) کردەکان دەخراون، دواتریش ڕستەی (داخوازی) دێت، کە کەمترین کردەکانی لە ڕێگەوە دەربڕاوە. زۆرترین ئەو کردانەشی کە لە دەقەکدا بە پلەی یەکەم دەربڕاون، کردەی (گلەییکردن، پێیشنیازکردن داواکردن،)، هۆکاری بەکارهێنانەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە:

1- کردەی (گلەییکردن)، بەراود بە کردەکانی دیکە ڕێژەیەکی زۆری بۆ خۆی تەرخانکردووە، چونکە شاعیر لە زێد و وڵات و کەسوکارەکەی دوورە، ئەم دوورییەش هۆکارە بۆئەوەی شاعیر گلەیی لە بەخت و چارەنووسی بکات. هۆکاری بەکارهێنانی کردەی (داواکاریی)، ئەوەیە قسەکەر (شاعیر) دەیەوێت وەرگر بۆ شەرحی حاڵی خۆی بانگێهشتبکات و بەشداریی پێبکات. دوابەدوای ئەمە کردەکانی (گومانکردن، ئاگاهێنانەوە)، بە پلەی دووەم دێن، شاعیر ویستوێتی دەربارەی ئەو بابەتەی، کە باسیدەکات لە ڕێگەی کردەی (گومانکردن، ئاگاهێنانەوە)، مەبەستێك ئاراستەی وەرگر

بکات و بەشداریی پێبکات. هەرچی کردەکانی (بیرهێنانەوە، ڕەخنە و توانج، دڵنیایی، بوێریی، ئامۆژگاریی، بێزاریی، پێداگیریی، ئاڕاستەکردن و قەدەغەکردن)، بە پلەی سێیەم هاتوون. هەر وەکو لەم خشتەی خوارەوەدا ئاماژەی پێدراوە.

2- قسەکەر (شاعیر)، لە ڕێگەی کردەی پیشنیازکردنەوە، مەبەست و واتایەك ئاڕاستەی وەرگر دەکات و قسە لەبارەوە (مەی) دەکات و ڕایدەگەیەنێت ئەو کەسانەی کە وەك شاعیر خەمدار و ئاوارە و بێکەسوکار نین، بۆیە شوێنی ئەوان مەیخانە نییە و مەیخانەش بۆ دەربڕینی شادیی و گاڵتەوگەپ نییە. بۆیە شوێنی دیکەیان بۆ پێشنیازدەکات.

3- هاوکات بەکارهێنانی کردەی (داواکاریی) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە شاعیر پەیامێك ئاڕاستەی وەرگر دەکات و لە دەقەکەدا بەشداریی پێدەکات لەوەی، کە پێداویستیی و داواکارییەکەی چییە.

| جۆری ڕستە | جۆری کردە | ژمارەی دووپاتبوونەوەی کردە |
|---|---|---|
| داخوازی | داواکردن | 3 |
| پرسیاری | ئاراستەکردن | 1<br>1 |
| پرسیاری | قەدەغەکردن | 1<br>1 |
| پرسیاری<br>هەواڵی | گلەییکردن | 4 |
| هەواڵی<br>پرسیاری | پێشنیازکردن | 3 |
| داخوازی | ئامۆژگاریی | 1<br>1 |
| هەواڵی | ڕەخنە وتوانج | 1 |
| هەواڵی<br>داخوازی | بێزاریی | 1 |
| هەواڵی<br>داخوازی | ئاگاهێنانەوە | 2 |
| پرسیاری | بیرهێنانەوە | 1 |
| هەواڵی | دڵنیایی | 1 |
| هەواڵی | بوێریی | 1 |
| هەواڵی | پێداگیرییکردن | 1 |
| مەرجی<br>پرسیاری | گومانکردن | 2 |

## ئەنجام

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

1. مەرج نییە هەموو گوتنێک تەنها وەسفکردنی بارێکی تایبەت بێت و مەبەست لێیەوە تەنها هەواڵێک بێت، بەڵکو قسەکەر لە دەربڕینی هەندێک گوتندا کارێک ئەنجامدەدات.
2. هەموو کردەکانی نێو ئەو چەند دەقەی قەسیدەی (ناڵەی جودایی)، کە شیمانکردەوە دەچنە چوارچێوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆوە، چونکە شاعیر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مەبەست و واتا شاراوەکانی گەیاندووە بە گوێگر (خوێنەر)، لێرەوە دەردەکەوێت هەموو کردەکان لە ڕێگەی ڕستەی (هەواڵی، داخوازی، پرسیاری)یەوە دەربڕاون.
3. هێمن بەشێوەیەکی زۆر داهێنەرانە بۆ گوزارشتکردن لە ژیانی ئاوارەیی و تەنیایی خۆی لە ڕێگەی کردەکانەوە مەبەست و پەیامەکانی بە وەرگر، بۆ ئەم مەبەستەش سودی لە پەندە کوردیی و داستانە فۆلکلۆرییەکان وەرگرتووە.
4. زۆرترین ئەو کردانەشی کە لە دەقەکدا بە پلەی یەکەم دەربڕاون، کردەی (گلەییکردن، پێیشنیازکردن، داواکردن)، هۆکاری بەکارهێنانی کردەی (گلەییکردن)، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە قسەکەر (شاعیر)، لە زێد و وڵات و کەسوکارەکەی دوورە، ئەم دوورییەش هۆکارە بۆئەوەی شاعیر گلەیی لە بەخت و چارەنووسی بکات. هۆکاری بەکارهێنانی کردەی (داواکردن)، کە ئەوەیە قسەکەر (شاعیر) دەیەوێت وەرگر بۆ شەرحی حاڵی خۆی بانگێهشتبکات و بەشداریی پێبکات، هەروەها لە ڕێگەی کردەی پیشنیازکردنەوە، مەبەست و واتایەك ئاڕاستەی وەرگر دەکات و قسە لەبارەوە (مەی) دەکات و ڕایدەگەیەنێت ئەو کەسانەی کە وەك شاعیر خەمدار و ئاوارە و بێکەسوکار نین، بۆیە شوێنی ئەوان مەیخانە نییە و مەیخانەش بۆ دەربڕینی شادیی و گاڵتەوگەپ نییە.
5. دوابەدوای ئەمە کردەکانی (گومانکردن، ئاگاهێنانەوە)، بە پلەی دووەم دێن، شاعیر ویستوێتی دەربارەی ئەو بابەتەی، کە باسیدەکات لە ڕێگەی کردەی (گومانکردن، ئاگاهێنانەوە)، مەبەستێك ئاڕاستەی وەرگر بکات و بەشداریی پێبکات. هەرچی کردەکانی (بیرهێنانەوە، ڕەخنە و توانج، دڵنیایی، بوێریی، ئامۆژگاریی، بێزاریی، پێداگیریی، ئاڕاستەکردن و قەدەغەکردن)، بە پلەی سێیەم هات.

## **References:**

1- Abdul wahid mushir dzaiy, (2010), watazaai wsha m rsta, chapi yakam, chapxanay rozhhalat, hawler.

2-Abdul wahid mushir dzaiy, (2014), prakmateke Daq u gutar , chapi yakam nawandi awez ,hawler.

3-Darya sabir hamad u rozhan nuri abdula, (2020), shikrdnawai prakmateke chand daqeki shhri , faraidun abdul barznji bapei tyora krda qsaiyakan ,govary zankoi garmyan zhmara (3).

4-Dara mahed mhamd, (2012), shkari rstai aluz la rwangay krda qsaikanawa, namai dktora, zankoy
Slemani.

5-Fatma dst ranj , manzur arab (1399).karbst nzrya kunsh guftari dar xwansh ayat jhad , mtalat, tarixi jang , dura chharm , shwmara duvam , pyapi (12).

6-Hemn mukryani, (2008) , dewani hemn mukryani , chapi yakam , chapxanai chwarchra,slemani.

7-Hatm wlya muhamed u zhian abdulah, (2015), pekhenani zanyare u krda qsaiyakan , govary zanko bo zansta mrovayatiyakan bargi 19, shwmara (4).

8- Chiya ali mustaf u qadr wrya, (2021), krday qsaiy la gutary syasida , govary shikary komalayaty -syasiya zhmara (2-19).

9- Mhamad maeruf fatah, (2011) , zomaniani, chapi seyam, chapxanai haji hashm ,hawler .

10-Masoud babai, (2004) , pekhata u ravay daq ,chapxanai ranj ,hawler.

11-Mharam brhani , mhamd hasan sanei pur, mhamed hsen nhdudi nzhad ,mhin razai (1397) , jaigah nazarya afal gftary chr tbiyn srsh wahi br mbnai arai wltrsturf pzhuhshi hsteu shnaxt, sal shshm shmara (1).

12-Nazira sabir mustafa (2018) prakmateku ,shewazgari ,namai dktora, chapxanai hashm hawler .

13- Omar mahmud karim, (2012), hezu awaz terwanineki prakmatiki, govary academia ly kurdi, hawler.

14-Osman dashty, (2009) , hemnnama, chapxanai rozhhalat ,hawler

15-Parwin osman Mustafa, (2022), shikrdnawai krda qsaiyakan la gftugokani parlamani kurdstan la rui ragazawa (lekolinawayaki zmanawani komalayatiya ) chapi yakam , chapxanai tahran , taran .

16-Qais kakl tofeq (1995) jorakani rstau tyori krda qsayiakan , namai mastar , kolezhi adab ,zankoi salahadin .

17-Rwqya sadrai,(1401), brrsya kunshhaya guftari dar kashf almahbub hjuiri ba tkya bzr nazrya srl , pzhu hashnama erfan , sal sizdahm , shwmara bistu shishwm.

18-Swhbat ela hsunad (1398), tahil matn sura mryam bar asas nazarya kunshaya guftari ba takid bar awlgui jan srl .faslnama elm pzhuhsh hai adabi -qrani ,sal hftm , shmara duvam .